کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-5-2007 12:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شارەوانی هەولێرو خزمەت گوزاری ناوەخت ... کاکۆ عبدالله

پاك و خاوێنی شار سیمایەکی هەرە شارستانی و بەرزی کۆمەلگاو حوکمەتە هەر یەکێك بچێتە هەر وڵاتێك یا شارێك دەتوانی لە تێڕوانینی پاك و پیسی ئەم شارە بزانی کە ئەم میللەت و حوکمەتە لە چ ئاستێکی شارستانیدایە! وە بە بڕوای من پاك و خاوێن ڕاگرتنی هەر شوێنێك بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی تاکدایە ئینجا حوکمەت، هەر کەسێك هەستی نیشتمان پەروەری تێدابوو وڵاتەکەی خۆی خۆش ویست ئەوا لە پاك و خاوێنی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی یا هەر شوێنێکی تر ڕەنگ دەداتەوە.
لە وولاتە پێشکەوتوەکان (مەبەستم پێشکەوتنی بیرو هەستی نەتەوایەتییە نەك تەکنەلۆجیا) کەیەکێك هەر هەڵەیەکی بچوکیش بکات بۆ نمونە شتێك فرێداتە سەر شۆستەکە ئەمە یەکێکی تر لێی قوتدەبێتەوەو پێی دەڵی ئەمە کارێکی خراپەو پێویستە هەڵی بگرێتەوە، وەئەگەر بەقسەشی نەکرد ئەوە ڕەنگە پۆلیسی لێ ئاگادار بکاتەوە. ڕاستیەك هەیە هەمووخەلك دەزانی کەپاك و خاوێنی چەند گرنگە وەهەر هەموومان دەزانین کە شار پێویستی بەبەردەوامی بە پاککردنەوە هەیە، خۆ ڕەنگە شارەوانی هەولێریش تا ڕاددەیەك
درێغی نە کردبی لە پاککردنەوەی شار ئەویش بە پی ی توانای خۆی، بەلاّم ئایە شارەوانی هیچ پلانێکی هەیە بۆ کاتی پاککردنەوەی شوێنێك؟
بێگومان نەخێر چونکە خۆمان ڕۆژانە دەبینین لە چ کاتێك وچ شوێنێك پاك دەکرێتەوە! بۆنمونە شەقامە سەرە کیەکان لە کاتی چوونە سەرکاری خەڵك واتە لە کاتژمێر 7:30 تاکو 9:00 ی بەیانی پاك دەکرێتەوە، زۆجاران بینیومانە کە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە پاککردنەوەی شەقام لەسەر شەقامێکی سەرەکیو زۆر قەرەبالغ کە کاتی چونە سەر کاری خەلکە ئەم شەقامە پاك دەکاتەوە بەبێ گوێپێدان بەکاروباری خەلك چونکە دەبێتە زیاتر قەرەبالغ کردنی شەقامەکەو بەو هۆیەوە خەلك لەکارەکانیان دوا دەکەون وە لەمەش گرنگتر ئەم کارە ناوەختە ڕەنگە ببێتە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل و خەلك تێیدا زەرەرمەند بێت. جگە لە ئامێرەکان کرێکارەکانی شارەوانیش هەر لەم کاتانەدا لەسەر شەقامەکان دەبینرێن
بۆ پاککردنەوە، هەندێك جاریش بەوشەوە تاریکستانەی هەولێر لەسەر هەندێك لە شەقامەکان دەبینرێن. باشە ئەمجۆرە ئیشەو لەم کاتانەدا نابێتە هۆی ڕووداوی ناخۆش بۆ ئەم کرێکارانە؟ئایە ژیانی ئەم کرێکارە لە ئەستۆی کی دایە لە کاتی خوا نەخواستە بەر کەوتنی کرێکارێك بە ئۆتۆمبێل.
وە ئایە هیچ کۆمپانیایەکی تەئمین هەیە قەرەبووی ئەم کرێکارە یاخود خانەوادەکەی بکاتەوە؟
باشە باشتر وانیە کاتێکی گونجاو بۆ ئەم کارانە دیاری بکەن؟بۆ نمونە لەکاتی بەرەبەیانەوە واتە پێش خۆر هەلاّتن تاوەکو کاتی پێش چوونی خەلك بۆ سەر کار، چونکە ئەم کاتانە شەقامەکان تا ڕاددەیەکی باش چۆلن و دونیاش ڕۆناکە وەباشترین ڕێگاش ئەوەیە هەر ناوچەیەك یان هەر دوو گەڕەکێك شارەوانیەکی تایبەت بەخۆیەوەی هەبێت تاوەکو بپرژێنە سەر کارەکانیان و بەزووترین کات و بەو ماوەیەی کەباسمان کرد کارەکەیان ئەنجام بدەن.
ئینجا با بێینە سەر فرێدانی خۆڵی ماڵەکانی گەڕەکەکان، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك هەبێت بزانێت کەی و لە چ ڕۆژێك ئۆتۆمبێلی فرێدانی خۆڵ دێتە گەڕەکەکەی! تەنها بەدەنگی هۆڕن وتەقەتەقی تەنەکەکانی خۆڵ دەزاندری کە ئۆ تۆمبێلی خۆڵ فرێدان هاتوە بۆ ئەم گەڕەکە، جاروایە نیوەی شەوە یا کاتی نان خواردنی ژەمێکە یا کاتی ئیسراحەتە ئۆتۆمبێلی خۆل فرێدان دەست بە هۆڕن لێدان دەکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12:31 11-5-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
ئەم خەڵکەش ناچارە دەست لە هەموو شتێك هەڵبگرێو بە ڕاکە ڕاك بۆ لای تەنەکەی خۆڵکە. باشە چاکتر وانیە بۆ ئەم مەبەستەش کاتێکی دیاریکراو هەبێت؟ بۆ نمونە بڵێن ئەم گەڕەکە فلانە رۆژو لە کاتژمێر ئەوەندە تاکو ئەوەندە ئۆتۆمبێلی خۆڵ فڕێدان دێت بۆ ئەوەی خەلکیش خۆی بۆ ئامادە بکات وە باشتریش وایە کە بەیانیان بێت تاوەکو خەڵکیش بە شەو تەنەکەی خۆڵەکە بێنێتە بەر دەرگا. بە مەرجێك ئەم بەرنامەیە بەبەردەوامی لە هەمان رۆژو کاتەکانی خۆی دابێت وە گەر هەر گۆڕانکارییە لەکات و رۆژەکەدا هەبوو پێویستە خەڵکی لی ئاگادار بکرێتەوە.
وەلەسەر خەلکیش پێویستە هاوکاریەکی تەواوی کرێکارانی شارەوانی بکەن ورێزی تایبەتییان لی بگرن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.